لە ناوچە شاخاوییەکان هەرەم یەک مانگە دابەشکردنی نەوت دەستیپێکردووە

لە ناوچە شاخاوییەکان و دەوروبەری سەنتەری پارێزگاکان یەک مانگە دابەشکردنی نەوت دەستیپێکردووە و بەردەوامە. لە سەنتەری هەڵەبجە دابەشکردن بەردەوامە و بەرپرسان دەڵێن: دابەشکردن دەگاتە سەنتەری شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک".

ئاری کاکەشین، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر، رایگەیاند: "دابەشکردنی نەوت لە دەوروبەری هەولێر و ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگاکەمان بەردەوامە و نەوت دەگاتە هەموو هاووڵاتیان".

لەبارەی دابەشکردنی نەوت لە سەنتەری هەولێر، ئاری کاکەشین وتی: "هەموو ساڵێک لە سەنتەری هەولێریش دابەش دەکرێت و ئەم ساڵیش هەروا دەبێت؛ پلانمان ئەوەیە پێش کۆتایی ئەم ساڵ نەوت بدەینە دانیشتووانی سەنتەری هەولێر".

پشکی نەوتی پارێزگای هەڵەبجە لە سلێمانییەوە دەنێردرێت. بەرپرسێکی باڵا لە نەوت و کانزاکانی پارێزگای سلێمانی، ئاماژەی بۆکرد: "تا ئێمە 140 هەزار ماڵ لە سنووری سلێمانی و هەڵەبجە

نەوتیان وەرگرتووە، کە بەنزیکەی 25 ملیۆن لیتر بووە".

تا ئەمە لە سەنتەری شاری هەڵەبجە و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەری و دەڤەری هەورامان، هەروەها لە ناوچەکانی ئیدارەی راپەڕین و قەزاکانی بازیان، پەنجوێن و دووکان، ناحیەی عەربەت و ناحیەکانی دیکەی دەوروبەری سلێمانی نەوت دابەشکراوە و لە بەشکیان دابەشکردن بەردەوامە.

لەبارەی سەنتەری شاری سلێمانییەوە ئەو بەرپرسە رایگەیاند: "بە دەنیاییەوە لە نزیکترین کاتدا دابەشکردنی نەوت لە شاری سلێمانی دەستپێدەکات و ئەوەی ماوە فەرمانی دابەشکردنە بە دەستمان بگات".

کارزان رەئووف، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی دهۆک رایگەیاند: "بە دابەشکردنی نەوت ناوچەکان کراون بە سێ بەشەوە، ناوچە شاخاویەکان، دەوروبەر و سەنتەر. لە دەوروبەر و سەنتەر 6 ملیۆن لیترمان بەسەر 30 هەزار خێزاندا لە 11 ناوچەی جیاواز دابەشکردووە".

لەبارەی دابەشکردنی نەوت لە سەنتەری دهۆک، کارزان رەئووف دەڵێت: "دابەشکردن بەردەوامە؛ ئێم ساڵ هاوشێوەی ساڵانی رابردوو لە سەنتەری دهۆکیش هاوشێوەی شارەکانی دیکە نەوت دابەش دەکرێت، کە پلانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە".